# ئاوڕدانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان، عومەر محەمەد کەریم ... ئەنوەر خەراجیانی



عومەر محمد کەریم یەکێکە لە کەسایەتیە وەرزشکارەکانی شاری سلێمانی لە سەرەتای سالەکانی 1970دا بەتەواوەتی ناسرا وەك یاری زانێکی هێڵی ناوەڕاست کە لە زۆربەی زۆری یاریەکانی یانەو هەڵبژاردە و یانەی پۆلیس بەر چاور دەکەوت لە ناو یاریگاکاندا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە، زیاتر بەوەش ناسرابوو کە لە یاریکردندا زۆر لەسەرخۆ بووە هیچ کاتێك ئازاری یاری زانی بەرمبەری نەداوە و لە ژیانی وەرزشی دا نە بووە ناوبژیوان کارتی سووری بۆ دەربکات.
یاریکردنی کاك عومەر شێوازێکی تایبەتی هەبووە لە زۆر ڕووەوە بەتایبەتی ماندووبوونی نەزانیوە لە یاریدا. بابزانین کاك عومەر لە نزیکەوە چیمان بۆ باس دەکات دەربارەی ژیان نامەی وەرزشی خۆی.

من ناوم عومەر محمد کەریمە لە ساڵی 1955 لە گەڕەکی کانیسکان لە شاری سلێمانی لە دایك بووم، هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە خولیای وەرزش بووم بە تایی بەتی تۆپی پێ و ڕاکردنی دوور، سەرەتای دەستپێکردنم لە تیپە میلیەکان دەگەڕێتەو بۆ ساڵەکانی 1966 لە گەڕەکی ئیسکان، کۆمەڵێك لاوی خۆێن گەرم بووین کە زووربەمان هاو تەمەن بووین.
لە کاتی مەشق کردن یان یاریکردنمان زۆر لە پیاوانی گەڕەك دەهاتن بۆ سەیرکردنمان یەکێك لەو بەڕێزانە کە نزیك بووە وە لێمان برای بەڕێزو شەهیدی قارەمان جەمالی عەلی باپیر بوو کە زۆ پشتگیری دەکردین و هانیشی ئەداین لە بەردەوامیمان پاشان داوی لێکردین کە ناوی تیپەکەمان بگۆڕێن بۆ تیپی شەهید کەمال سەلیم ئێمەش بریارمان داو داواکاریەکەیمان پەسەند کرد، پاشماوەیەکی کەم خۆی بوو بە ڕاهێنەری تیپ و یاریشی دەکرد بۆ تیپەکەمان.
لە ساڵی 1969 بووە بە هەڵبژاردەی تازە پێگەشتوەکانی شاری سولێمانی و هەڵبژاردەی پەروەردە بەشداری یاری تۆپی پێ وگوڕەپانم دەکرد هەمان ساڵ چوارهەمی عیراق بووە لە ڕاکردنی 5000 مەتر لە سەر ئاستی پەروەردەکان. لە ساڵی 1971 لەبەر نەچوونیم بۆ سەربازی بووم بە یاری زانی پۆلیسی سولێمانی کەوا لەو ساڵەدا پلەی نایابی عیراق بوون.
هەمان ساڵدا هەڵیان بژاردم بۆ هەڵبژاردەی سولێمانی تا ساڵی 1974 بەردەوام بوون پاشان بەهۆی شوڕشی ئەیلول تیپەکەیان وەك هەڵوێستێکی کوردانە پەیوەندیمان کرد بە شوڕشەوە وەك پێشمەرگەیەك کە زۆربەی یاری زانەکان لای شەهید جەمالی عەلی باپیرماینەوە کە پلەی لە ناو شۆڕشدا (سەرلق بوو) ، پاش چەند مانگێك چەند یاری زانێکمان

چووین بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ بەشداری کردنمان لە تیپی هەڵبژاردەی کوردستان و چەندین یاری دۆستانەشمان ئەنجام دا. تا کاتی هەرەسی هێنانی شۆڕش ئێمە لە دەرەوە بووین پاش هاتنەوەمان بۆ شاری سلێمانی دوریان خستینەوە بۆ شارەکانی باشووری عێراق. دوای چەند ساڵێك گەڕاینەوە بۆ سلێمانی بەڵام ئیتر توانای وەرزشمان نەما، بەڵام وەك ئیداری لەگەڵ تیپی کەمال سەلیم بووم.

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991 دا توانیمان دوای 3 ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا توانیمان تیپەکەمان بکەین بە یانە 1994 لەساڵی 1995 دا لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانیان دروست کرد هەر لە سەرەتای دروست بوونەوە تا ئیستا دووکۆنگرەیان

بەستووە لە هەردووکیاندا بووە بە ئەندامی کومیتەی تەنفیزی بە جێگری سەرۆك دەسنیشان کراوم و تاوەکو ئێستاکە بەردەوامم لە خزمەتکردنی وەرزش لە کوردستاندا

ئەنوەر * لە کۆتایدا زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم. دیارە باسکردن لەسەر ژیانی کەسێکی وەك بەڕێزتان بەم چەند دێڕە کۆتایی نایەت چونکە ماوەی 40 ساڵ دەبێت خزمەتی وەرزشتان کردووە بە دڵسۆزانە.

ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت
anwar@malm02. net